# بەرکوڵێ لە مێژووی شۆڕشی سەربەخۆیی و شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا...

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢١/٧/١٤

بەشی یەکەم



**"شۆڕشی ئەمەریکا سەرەتایەک بوو،هێشتا تەواو نەبووە". W.Wilson**

**سەرەتایەک و هاتنی کۆلۆنی ئینگلیزی و پەیوەندییان بە وڵاتی دایکەوە...**

بەرلەوەی ساڵی ١٩٤٢Christoph Colombos کیشوەری ئەمەریکا بدۆزێتەوە، ئەمەریکای باشوور و مەکسیک ١٠٠ساڵ زیاتر بوو لەژێر چنگی ئیسپانی و پورتوگالییەکان دا بوون. هەر ئەمەش وای کرد لە ئینگلیز و فەرەنسی لە ئەمەریکای باکووردا بگەڕێن بەدوای دۆزینەوەی پێگەیەک بۆ خۆیان... فەرەنسییەکان لەسەرەتاوە ئامانجییان بریتی بوو لەوەی هاوردەی پێستی ئاژەڵ بکەن و بازرگانی خۆیان پەرە پێ بدەن. بۆ ئەم مەبەستە گورجوگۆڵانە لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکەدا،ڕێکەوتن مۆر دەکەن و بۆ جموجوڵەکانیان ڕەزامەندیی هیندەسوورەکان وەردەگرن. ئەگەرچی یەکەی نیشتەجێبوونیان دروست دەکرد، لێ لە ئامانجییان دا ستراتیژی کۆلۆنیالی تێدا نەبووە. ئینگلیزەکان بە پێچەوانەوە، پێدەچێ لەیەکەم چرکەساتەوە، نەخشەی داگیرکارییان لە مێشکدا هەبوو بێت.

لە سەدەی١٧ەوە ئینگلیز لە ئەمەریکا نیشتەجێ بوون. سێ وێستگەی ناوچەکانی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی برێتین لە: کۆلۆنییەکانی چاندن لە باشوور، کۆلۆنیNeuengland ، کۆلۆنی لە ناوەڕاستی ئەتڵەنتیک. "سێ جۆر کۆلۆنی" هەبوون: کۆلۆنی خاوەندارێتی، واتە کۆمەڵەیەک یان بنەماڵەیەک دەکرا بە خاوەنی، بریتین لە:

Pennsylvania,Delaware,Rhode Island کۆلۆنی پاشایەتی، واتە پاشاخاوەنی بوو سەرپەرشتی دەکرد و هەڵسوکەوتی پێوە دەکرد، بریتین لە:

New Hampshire,Massachusetts,New York,New Jersey,Virginia,North&South Carolina,Georgia

حاکم و بەرپرسی ئەم کۆلۆنییانە هەر پاشای عەرشی بەریتانی بوو، خاوەن بڕیار خۆی بوو، زۆری ئەم کۆلۆنییانەی بەخشییە بەگزادەکان و ٣ وەزارەتی دەوڵەتی بەریتانیای مەزنیش« وەزارەتی بازرگانی،

دارایی و کۆمیسیۆنی گومرگ» لەم کاروبارەدا هەبوون و خاوەنی بڕیار بوون..کۆلۆنی: مەبەست لەو یەکە نیشتەجێیانەیە کە ئینگلیزە کۆچکردووەکان یاخود هێنراو و ڕاوەدوونراوەکان لە کەناری دەریای ئەتڵەنتیک لە باکووری ئەمەریکا دروستیان کرد و تێیدا نیشتەجێبوون و پاشان بوونە بەردی بناخەی دروستبوونی ئەمەریکای ئیمڕۆ. خەسڵەتێکی دیاری ئەم کۆلۆنییە ئینگلیزییانە بریتییە لە: ( ئینگلیز لەچاو دەوڵەتەکانی تردا درەنگ وەخت دەستیان کرد بە داگیرکردنی ئەمەریکا، ئینگلیز لێرە خۆی بە خاوەن خاک و موڵک هاتۆتە بەرچاو و ڕەفتاری کردووە، پاشای عەرشی بەریتانی خۆی سەرپەرشتی بەشێکی زۆری کۆلۆنییەکانی کردووە و هەروەها خۆی ڕاستەوخۆش بەشێکی بەخشیووە بە کەسە نزیکەکانی خۆی....

(ئینگلیزەکان بەرەو کەناری ڕۆژهەڵاتی رووباری میسیسپی هاتن و هەواریان لێ هەڵخست ، وەک ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت و نزیک دەریای ئەتڵەنتیک ، بۆ بازرگانی کردن و بە ئاسانی هاتوجۆکردن و مانەوەی پەیوەندییان بە وڵاتی دایکەوە.

ساڵی ١٦٠٦ سەرەتا بەناوی نەجیبزادە و بازرگانەکانییەوە ١٢٠ کەسێک بەسواری ٣ کەشتی هاتنە ئەمەریکا و خێرا «کۆمپانیای ڤێرجینیا»یان دامەزراند، بەناوی پاشاژنی Elisabeth I وەک ڕێزێک ناونرا ڤێرجینیا. ئەم کەشتییانە بەرەو ئەمەریکا کەوتنە ڕێ لەوێ لە ناوچەی Chesapeakte-Bay لای شاری Jeamestown گیرسانەوە و شارەکەیان دروست کرد. بەو کۆیلانەی کڕیبوویان خەریکی چاندنی تووتن و لۆکە بوون لە باشووری Carolinas پاشان دەستیان بەچاندنی برنجیش کرد. کەوتنە بازرگانی کردن لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا.. بەتایبەت دەوڵەتەکانی باشوور بە بازرگانییەوە خەریک بوون لە ڕێی بەندەری Chareston کە گەورەترین شار بوو لە ڕۆژئاوا، خەڵکێکی زۆریش بە ڕاوەماسی و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوون. خاوەن کێڵگەی گەورە گەورەی خۆیان بوون.

ئینگلیزە هاتووەکان لێرەدا بە کۆلۆنیالەکان ناویان دەبەم ، کە خاوەنی کێڵگەی گەورەگەورە بوون ، توانییان Virginia Aristokratie دروست بکەن و زاڵ بن بەسەر سپی پێستەکانی ئەم ناوچەیەدا. ئەم ململانێیە زۆر درێژەی کێشا، هەتا دواتر بەهۆی زیادبوونی کۆیلە ڕەش پێستەکانەوە ململانێی ئەم دوو دەستەیە کەم بۆوە و بەهەردوو کەوتنە وێزەی ڕەشپێستە کۆیلەکان. لە شارێکی وەک ڤێرجینیا ژمارەی سپی پێست 42,000 هەزار و ڕەش پێست ١٦ هەزار کەس بوون. ساڵی ١٧٠٠ سپییەکان بوون بە ٢٦٠ و ڕەشەکان بوون بە ١٩٠ هەزار کەس.

لە سەردەمی کۆلۆنیالیستیدا بەگشتی نزیکەی ٣٠٠ هەزار کۆیلەی ڕەش پێست ڕاپێچی باکووری ئەمەریکا کرا، بەجۆرێک لە هەر ١٣ دەوڵەتە دامەزرێنەرەکەدا لە نێو ٣ ملیۆن دانیشتواندا لە هەر ٦ کەس یەکێکیان کۆیلە بوو. لێرە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی نیشتەجێبوون/ استطاني یان لە ستراتیژیدا جێگیر کرد و ویستیان ئەم دەڤەرە بکەنە نیشتمانی خۆیان.بەریتانیا ئەودەم ژمارەی دانیشتوانی ٦،٥ ملیۆن بووە، لە پاشان دا نزیکەی دوو ملیۆن زیاتری بەرەو ئەمەریکا کۆچیکرد بوو. نزیکەی سێ یەکی کەشتییەکانی بەریتانیا لێرە دروست دەکران، کەرەسەی خاویان لێ دەردەهێنا و دەبرد، بەتایبەت لۆکە و تەختە. عەرشی پاشایی کۆنترۆڵی تەواوی ژیانی کۆلۆنییەکانی بەدەست بوو. ڕێگەی بەهیچ لایەن و وڵاتیک نەدەدا،بازرگانی لەگەڵ کۆلۆنییەکاندا بکات، کەشتی هیچ وڵاتێکیش بۆی نەبوو، لەم بەندەرانەدا بوەستن. تەنانەت کۆلۆنییەکان بۆیان نەبوو لە ئامێری پێشکەوتوو، سوودمەند بن، بەرهەمەکانیان زیاد بکەن بفرۆشن، ڕێگری لەدروستکردنی کارخانە و بە پیشەسازی بوون دەکرا، هەر بۆیە ئەم خاڵە گرنگانەی ئابووری و بازرگانی لە دواجاردا دەبێتە کێشەی بنچینەیی نێوان کۆلۆنییەکان و وڵاتی دایک.

ئەوانەی لەوێوە هاتبوون  سەرەتا گرووپێکی ئایینی بوون ناسراو بە Puritanen کە مەزهەبێکی نزیک بە کالڤینیستەکانن و لە نێوان پرۆتستانتی و کاسۆلیکییە. گرووپێکی زۆر توندو و داخراو و ئامانجیان پاک کردنەوەی کلێسای ئەمەریکا بوو لە ڕەگەزەکانی کاسۆلیکی... شایانی باسە لە ئینگلتەرا کلێسای ئینگلیزی هەیە Charch of England و تایبەتمەندی خۆی هەیە... ئەم پوریتانییانە خوێندەوار و پێشکەوتوو و زیرەک و دەوڵەمەند بوون توانای ئابوورییان بەهێز بوو.

بە کورتی و کرمانجی وەک دەردەکەوێ ئامانج و هۆکاری بازرگانی و ئایینی لەپشت هاتنی ئینگلیزەوە بێت بۆ ئەمەریکا. بەڵام زوو نێت و مەرامی داگیرکاریشیان لێ بەدیار کەوت... لەتەک کۆمپانیای ڤێرجینادا کۆمەڵە و گروپی تریش هاتن و دروست بوون دەستیان کرد بە نیشتەجێبوون و ئاوەدانی و شاری Jamestown یان دروست کرد. ئینگلیزەکان لەگەڵ هاتنی خۆیان دا ، کۆیلەیەکی ڕەسپێستی زۆریشیان هێنا، چونکە دەبێ بزانین ئەم ڕێگای گەیشتن بە ئەمەریکا بۆ هەرکەس کراوە نەبوو. زۆریش لەم ڕەشپێستانە خۆشحاڵ بوون، کەوا هاتوونەتە ئەمەریکا کار دەکەن.. بەڵام چ کارێکی زەحمەت بوو! لەنێو کێڵگەی تووتن و پەموو و برنج دا بە قرچەی گەرما و سەختی سەرما...

ئەم پۆریتانییانە زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی دەتوانن لەم نیشتمانە نوێیەدا پێڕەوی یاساوڕێساکانی ئاینزاکەی خۆیان بکەن. سەرەتا بە هیچ جۆرێک ئامانجیان بریتی نەبووە لە دروست کردنی دەوڵەت! بەڵکوو پێیان باش بوو، وەک کۆلۆنییەکی ئینگلیزیی بمێننەوە و وابەستەییان بە تاجی پاشایەتی بەریتانیای مەزنەوە بمێنێت، هەموو ئەرکێکی نیشتمانی ڕاپەڕێنن. بەڵام دەیانویست لێرە سەربەستانە بە دابونەریتی ئایینەکەی خۆیان بژین. زۆری پێ نەچوو کۆمەڵێ یەکەی نیشتەجێبوون/ کۆلۆنییان دروست کرد و ژمارەیان چووە ٢٠ هەزار کەس. بەتایبەت حاکمی کۆلۆنییەکان John Winthrop بوو ١٦٣٠-١٦٤٩ دەسەڵات بەدەست بوو. تەنانەت ساڵی ١٦٣٦دروستکردنی زانکۆی بەناوبانگی Harvard کە کۆنترین زانکۆیە هی جێ پەنجەی ئەمانە.

پاشای بەریتانیا بەهۆی سەرکەوتنیان بەسەر هۆڵەندییەکاندا لەشەڕی کەشتی دەریایی دا لە ساڵی ١٦٤٤- ١٦٦٧ ئەو ناوچانەی هۆڵەندییەکانی لێ بوو، بەتایبەت دەوروبەری هەردوو ڕووباری Hudson,Delaware و هۆڵەندای نوێ و بەندەری ئەمیستەردامی نوێ..دەستیان بەسەردا گرت و پاشان بەخشیی بە برای خۆی میری York کە دواتر شار و دەوڵەتیNew York ی لێ دروست بوو. چیرۆکیPennsylvania ، وەک فۆرمێکی کۆلۆنییەکی خاوەنداری خۆیی ، پاشای عەرش ناوچەیەکی فراوانی لەنێوان New York& Maryland بەخشییە William Penn کە ئەندامی کۆمەڵەی ئایینی Quakerی ئینگلیزی بوو، بۆ خۆی دژی شەڕ و هەموو دەسەڵاتێکی دنیایی بوو و خۆی بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی تەرخان کرد. Penn دروستکردنی شاری پەنسلڤانیای کە بەناوی خۆیەوە ناونراوە بە «تاقیکردنەوەیەکی پیرۆز» دانا. باوەڕی بە پێکەوە ژیان و کۆکردنەوەی فرەڕەنگ و فرە باوەڕی خەڵکەکە بوو. سروشتی ئەم دەڤەرەش کە تێکەڵییەکی لەخەڵکی جۆراوجۆر تێدا بوو، ئەم سیاسەتەی دەخواست. ئەم بیروبۆچوونانەی پێن کاریگەرێتی زۆری لەسەر خەڵک و ناوچەکە بەتایبەت کۆچپێکراوەکان هەبوو. هەر بەم هۆیەوە ئەم شارە بووە ناوەندێکی ئابووری بەهێز و زۆر لە ئەوروپاییەکان ڕوویان تێکرد... بۆ نموونە سێ یەکی ئەڵمان بوون.

بەم پێیە دوای وێستگەکانی کۆلۆنیالیزم لەباشوور، ئینگلیزەکان بەرەو باکووریش هاتن بۆ دەم کەنار . ساڵی 1620 یەکەم پاپۆڕی بەریتانی ناسراو بە mayflower گەیشتە نیوەدوورگەی Cape Cod نزیک Boston لە ئێستای Massachusetts لە ئەمەریکا و 41 کە خێزانی خاوەن مەزهەبێکی تایبەت

هەڵگرتبوو. ئەمانە بەهۆکاری ئاینی دەبوو ئینگلستان جێ بهێڵن. بەخەونی ئەوەوەی کە یەک یاسا بە یەکسانی حوکمیان بکات، نەک وەک ئەوەی لە ئەوروپا جیاوازی گەورە هەبوو لە نێوان پاشا و میر دا،کە ئەمانە خاوەنی ماف و دەسەڵاتی زیاتر بوون لە بەرانبەر خەڵکی ڕەشۆک دا.....

هیندەسوورەکان وەک دانیشتیوانی ڕەسەنی ئەمەریکا Native Americans،(Indianer) لەسەردەمی کۆلۆمبوس دا ژمارەیان نزیکەی ٦-١٠ ملیۆن دەبوو . ٣ ملیۆنیان لە ڕۆژهەڵاتی رووباری مسسپی / Mississpi دەژیان. زۆریان بە هاتنی ئەم ئەوروپاییانە کە هەڵگریی نەخۆشی و پەتای جۆراوجۆر بوون نەخۆش کەوتن و مردن. لە سەرەتادا بەهۆی ئەوەوەی کە وڵاتەکان پانوبەرین بوو، بەهاتن و نیشتەجێ بوونی ئەمانە ڕازی بوون... کەچی ئەم کۆچکردووانە هەر زوو بوونە داگیرکەر و خاوەن ماڵ و ئەمانیان کردە بە بێگانە... « نامرۆڤانەترین هەڵسوکەوتیان لەتەکدا کرا، تەنانەت لە ساڵی ١٩٢٤ دوایی کۆتایی دووەم جەنگی جیهانی ئینجا بە فەرمی کرانە هاوڵاتی ئەمەریکی...«

جەوهەری کێشە ئەوەیە ئەم هێزە کۆلۆنیالیستە! بەهەڵە یان بە تاکتیک لە مەسەلەکە تێ دەگەن و ، وا دەزانن / باشتر بڵێم وا لەخۆیان دەروانن، کە ئەم وڵاتە ئیدی هی خۆیانە و مافیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوتی تێدا بکەن. گرووپی نیشتەجێکراو بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت لەگەڵ زەویوزارەکەدا دەکەن و خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن و یاسا بۆخۆیان دادەنێن و کاری پێ دەکەن... بەکورتی خۆ دەکەنە خاوەن ماڵ و چ هەقێکیان بەسەر هیندەسوورەکانەوە نابێ و هیچ هەژمارێکیان بۆ ناکەن.

ئەم کۆلۆنییانە ڕاستە هەر سەر بە بەریتانیا بوون، لێ سەربەخۆ دەژیان چونکە لێک دوور بوون و کەشێکی ئازادیان بۆ خۆیان خوڵقاند بوو..بەڵام کاتێ ئەم نێت و مەبەستەی داگیرکردنیان لێ ئاشکرا دەبێت و زیاد لە بەرەی خۆیان پێ ڕادەکێشن، ئیتر دانیشتوانە ڕەسەنەکە لە نێتی خراپیان حاڵی دەبن، دەنگی ناڕەزایی بەرزدەکەنەوە و شەڕو هەرای زۆر لە نێوانیاندا ڕوو دەدات... لە ئاکامدا گرووپی نیشتەجێکراو بە پشتیوانی سوپای پاشای بەریتانیای مەزن، کە تەیار و پۆشتەتر و خاوەن چەک و تەقەمەنی پێشکەوتوو بوون و شارەزای شەڕ بوون، بەخێرایی زاڵ دەبن بەسەر دانیشتوانی ڕەسەنەکەدا...بەهۆی ئەم شەڕانەوە گرانی و برسێتی بڵاو دەبێتەوە و زۆر کەس دەکوژرێ. ئەمەریکای باشوور زیاتر پیشە و کاریان بە توتن و برنج و لۆکەوە گرێ درا بوو. بەزۆری کار بە کۆیلەکان دەکرا... واتە لە دانیشتوانی ٩ ملیۆنی ٤ کۆیلە بوو، کە ژیانێکی پڕ زەحمەت و قورس و ناخۆشیان بەسەر دەبرد.



**کۆلۆنییەکان/ کۆچپێکراو و کۆچبەران و وڵاتی دایک**

ئەم گرووپە کۆلۆنییانە، کاریان بەوە گەیشت زۆر بەهێز و جێگیر بوون و تەواو بەم نیشتمانە دڵخۆش بوون، بەتایبەتی ئازادیی ئاینەکەی خۆیان هەبوو و کاریان پێ دەکرد. بەڵام حکومەتی پاشایی نیشتمانی دایکیان بەریتانیای مەزن لەبەر چەند هۆیەک، وازی لێ نەدەهێنان و بۆ بەڕێوەبردنی ئیمپراتورەکەیان و پڕ کردنەوەی خەزێنەکەیان، داوای پارە و باج و گومرگی زیاتریان دەکرد... هاوکات بایەخی کەرەسەی خاوی ئەمەریکا بۆ ئەورووپا و پەرەسەندنی ژمارەی دانیشتوانی بە بازاڕێکی باش بۆ ساخکردنەوە قەبڵێندرا.. بەتایبەت لە دیدی پاشای عەرشی بەریتایای مەزنەوە.

ئەوە بوو ١٦٥١ پاشا بڕیاری دا تەنیا کەشتییە ئینگلیزییەکان و هەروەها هی کۆلۆنییەکان بۆیان هەیە شمەک بهێننە وڵاتی دایکەوە. بەمەش ڕێی لە هۆڵەندییەکان گرت بازرگانی لەگەڵ باکووری ئەمەریکادا درێژە پێ بدەن. بڕیارێکی تری ساڵی ١٦٨٨ بریتی بوو لەوەی بەناوی Dominion of New England هەموو کۆلۆنییەکان/ یەکەنیشتەجێکانی نێوانی Massachusetts,New Jersey بخرێنە سەر یەک. ئەم بڕیارە بەهۆی شەڕی ناوخۆی Glorious Revolutionی ساڵی٨٩/١٦٨٨جێبەجێ نەکرا و بگرە ئەم هەلە بووە مایەی شلبوونەوەی گرێی وابەستەیی نێوان کۆلۆنییەکان و وڵاتی دایک... بەواتایەکی دیکە وردە وردە ڕزگاربوون لەژێر کۆنتڕۆڵی لەندەن، کە لە مێژوودا ناسراوە بە فەرامۆشکردنێکی ساغڵەم / salutary Vernachlässigung. هەروەها بەریتانیا هەوڵی دا تەواوی کۆلۆنییەکان بکەنە کۆلۆنی تاجی پاشایەتی. واتە حاکمەکانیان لەلایەن پاشاوە دیاری بکرێ و یاسایان ڕاستەوخۆ لە لەندەنەوە بۆ دەرچێت... بەکورتی هەوڵی زۆریان دا بۆ کۆنتڕۆڵکردنی تەواوی خەڵک و ناوچەکە...بەم پێیە پەیوەندییەکان تا دەهات ئاڵۆزی تێ دەکەوت و بەتایبەت لەباسەکانی دارایی و باجدان دا..مافی عادەتی ئینگلیزی Common lawهەر بەرقەرار بوو.

لێرەدا دەستەکی خوێنەوار هاتنە پێشەوە و کەوتنە دانوساندنی فیکری لە شێوازێکی ڕۆشنگەریی دا... کە هەڵکەوتووترین کەسایەتی ئەم ڕۆشنگەرییە Benjamin Franklin بوو. چەک و تەقەمەنی لە فەرەنسا دەکڕی بۆ سەربەخۆخوازەکانی دەنارد .. لە بواری کارەبادا داهێنانی هەیە و دیبلۆماتکارێکی لێوەشاوە بووە و ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە مێژووی سەربەخۆیی ئەمەریکادا.

سەدەی هەژدەیەم کۆلۆنییەکان درێژەیان دا بە بازرگانی خۆیان لەگەڵ وڵاتی دایک دا... بەمەرجی ئەوەی شمەکی تایبەت تەنها لە ئینگلتەرا بفرۆشرێ و ئەوی تریش بەڕێی ئینگلتەراوە بفرۆشرێ.. بەو پێیە هەندێ کەرەسە بۆ فرۆشتن قەدەغەیان لەسەر دانرا بوو، تاوەکو لەبازاڕدا ساخکردنەوەی کەرەسە و کەلوپەلی ئینگلیزی زیانی پێ نەگات. هاوکێشەی بازرگانی نێوان کۆلۆنییەکان لەگەڵ وڵاتی دایکدا، تا دەهات تێکدەچوو و خراپتر دەبوو. ئەمە جگە لەوەی لەهەر کێشە و شەڕێکی بەریتانیادا لە وڵات و لە ئەمەریکا کۆلۆنییەکان بەشدار دەبوون و لایەنگری عەرشی پاشای ئیمپراتوریتی ئینگکیز بوون. بۆ نموونە لە شەڕی حەوت ساڵەی نێوان« ئینگلیز دژی فەرەنسا و ئیسپانیا»داساڵی١٧٥٦-١٧٦٣ کە لە ئەمەریکا بە Frech and Indian war ناسراوە ڕۆڵیان گێڕا. لە ئاکامی ئەم هۆکارانە و بەتاڵی خەزێنەی لەندەن، پاشا وای کرد گوشاری باجدانی قورس بخاتە سەر کۆلۆنییەکان . کۆلۆنییەکان لە بەرانبەری ئەم داواکارییەدا بەرگرییان کرد و هەوڵییان دا خۆیان قوتار بکەن، لەژێر هەژموون و چەپۆکی قورسی یاسا و حوکمەکانی وڵاتی دایک دا.



**شۆڕش و شەڕی سەربەخۆیی**

بە هۆی گۆڕانی سیاسەتی کۆلۆنیالی بەریتانییەوە لە دوای ١٦٧٣ و کۆنترۆڵکردنی تەواوی کۆلۆنییەکان و گوشار بۆ هێنانیان،زەمینەی قۆناخێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان کۆلۆنییەکان و وڵاتی دایک هاتە ئاراوە و تا دەهات هەنگاوی بەرەو شەڕ هەڵگیرساندن خۆشتر دەبوو. سەرکەوتنەکانی ئینگلیز لەشەڕە بێ براوەکانی دا، ئەرکێکی گرانی ماڵی خستبووە سەرشانی پاشا بەتایبەت لەڕووی داراییەوە، بۆیە دەیویست بەشێکی تێچووەکانی شەڕ هەواڵەی سەرشانی کۆلۆنییەکان بکات. ئەوانیش دژ بەم بریار و هەڵوێستە وەستانەوە، بە دەربرینێکی تر مەرجیان دیاری کرد و داوای تایبەتمەندی خۆیان کرد، بەڵام عەرش هیچی بۆ نەدەسەلماندن....!!

هەنگاوی سەرەتایی بریتی بوو لە زیادکردنی« باج» لەسەر دانیشتوانەکە... کار بەرادەیەک گەیشت دانیشتوانەکە بەرگەی ئەم داوا قورسانەیان نەدەگرت و کەوتبوونە تەنگانەیەکی تەواوەوە.. بۆیە وردە وردە بیرۆکەی یاخی بوون لە بریاری پاشای نیشتمانی دایک سەری هەڵدا و کەس بەدەم داواکارییەکەیەوە نەچوو. پشتگوێ خستنی ئەم داوایەی پاشا ،بووە مایەی ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕ و هەرای زۆر لەگەڵ سەربازەکانی بەریتانی دا.

- بەریتانیا ١٧٦٣ دوای کۆتایی شەڕەکانی نزیکەی ١٠٠هەزار سەربازی لە کۆلۆنییەکان جێگیر کرد، دیارە بۆپاراستنیشیان لە هیندەسوورەکانیش. بە ڕاگەیەندراوێکی پاشایی سنوورێکیان کێشا لەنێوان خەڵکی خاوەن خاک و کۆچپێکراوەکاندا کە کرانە خاوەن خاک.

-. یاسای شەکر، واتە گومرگی لە ساڵی ١٧٦٤ەوە لەسەر شەکری هاوردە و خواردنی شەوچەرەیی هێنایە پێشەوە، کە زیانی گەیاند بە کارخانەکانی ئەمەریکی...

- یاسای دراوی١٧٦٤ هێنایە پێشەوە. دەبوو پارەی کاخەزی کۆنترۆڵ نەکراو و پرسگیریی زیادبوونی هەڵاوسانی لەلایەن کۆلۆنییەکانەوە سنووردار بکرێ. هەروەها چیدی کاخەزی نەقدی بانکی بۆ پرکردنەوەی قەرز بەکار نەهێنرێ.

ـ یاسای تۆمارکردن ١٧٦٥بۆ پشتیوانی هێزە بەریتانییەکانی دەرکرا.

ـ بە یاسای باجی مۆر، ١٧٦٥ باج لەسەر هەموو جۆرە چاپکراوەکان بەرزکرایەوە، ئەوانەی بڕیاربوو لەڕێی بیرۆکراتی بەریتانییەوە بەدەست بهاتنایە.

سەرەتا ساڵی ١٧٦٤ شتێکی وا ڕووی نەدا و بەرەنگارییەکی یەکگرتوو و بەرچاو فۆرمەڵە نەبوو. بەهۆی ئەوەوەی کە کۆلۆنییەکان گرفتاری قەیرانی ئابووری و کێشمەکێشی سنوورەکانیان لەگەڵ هیندەسوورەکاندا و کێشەی ناوخۆیان بوون.دوای ساڵێ ئەوجا دەنگی ناڕەزاییەکان بڵندتر بوونەوە، بەتایبەت لەسەر باجدان و داوای لەکارخستنی ئەم بڕیار و یاسایانەیان کرد. دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و بڕیاری بایکۆتی کەلوپەلی هاوردەی بەریتانییان دا.. هاوکات بانگەوازیان کرد بۆ یەکگرتوویی و پشتیوانی و هەرەوەرزی نێوان خۆیان و تا دەهات داواکانی کۆلۆنییەکان ناوەرۆکێکی سیاسی بەخۆیەوە دەگرت...



**ڕێی سەربەخۆیی**

دوای بگرەوبردە و ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر و بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە هەردوو لاوە و ڕادیکاڵ بوونی هەڵوێستەکان، هاوکاریی و یەکگرتوویی نێوان ئەمەریکاییەکان بووە نەخشی ڕۆژگار..لە ئاکامدا کۆلۆنییەکان داوای باج دان دەبەستنەوە بە مەرجێکی سیاسی گرنگەوە، کەوا ئامادەن باج بدەن!، بەڵام پێویستە نوێنەرایەتیان لە پەرلەمانی بەریتانی هەبێت و بەشداری بڕیاردان بکەن No Taxation . Without Representation..

دیارە ئەمە بووە ئاڵەنگارییەکی گەورەیە بەرووی حکومەتی پاشایەتی بەریتانیای مەزن و پاشای خاوەن شکۆدا... بۆیە ساڵی ١٧٦٧ بڕیار دەدات باجی سەر زۆر شت کەم کاتەوە، بەڵام باجی سەر «چا» و «شووشە» زیاتر دەکات. چا خواردنەوە پێداویستییەکی گرنگی ڕۆژانەی خەڵکەکە بوو. کەواتە گووشارە ئابوورییەکان ڕەهەندی شەڕی دەسەڵاتیشیان وەرگرت... بەو پێیەی بەریتانیا پێی وا بوو، حاکمی سەر زەوییە و هەر بڕیارێک بدا دەبێت جێبەجێ بکرێ و چی بوێت بەدەستی بێنێ.

بۆ ڕووبەڕووبوونەی ئەم هەرەوگوڕەشانە، کۆلۆنییەکان بیر لە بەرەنگاریی دەکەنەوە... ڕێکخراو پێک دێنن و ئامادەکاری دەکەن بۆ بەرگری کردن.. سەربازە ئینگلزەکان بە زیاتر گوشار هێنان دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن. دەرئەنجام کێشە و پەیوەندییەکان توندتر دەبن و زەمینەی ڕووبەڕووبوونەوە بەتەواوی خۆش دەبێت. حکومەتی بەریتانی ڕێگەی دا بە کۆمپانیای چای ڕۆژهەڵاتی هندی، کە کەوتبووە قەیرانێکی داراییەوە، چاکەی لەژێر ناوی پێدانەوەی گومگری هاوردەی ئینگلیزی ڕاستەوخۆ لە کۆلۆنییەکان لەبری بە پێی ڕێکارەکانی بازرگانی وڵاتی دایک بیفرۆشێ، کە بەهۆی قاچاخچییە کۆلۆنییەکانەوە، کارەکان خراپ بوون...ساڵی ١٧٧٣ .١٦.١٢ سێ کەشتی چاهەڵگر دەگاتە بەندەری شاریBoston . حکومەتی بەریتانی بەهۆی گرژییەکانەوە نایەڵێ بارەکانیان داگرن و دەیەوێ ناچاریان بکات بگەڕێنەوە بۆ بەریتانیا. لەم کاتەدا ٦٠ کەسێکی ئەمەریکی لە ڕێکخراوی کوڕانی ئازادی Sons of Liberty/ جلوبەرگی هیندەسوورەکان لەبەر دەکەن و لە تاریکی شەودا پەلاماری پاپۆڕەکان دەدەن و تەواوی چاکە ٣٤٢ سندوق ، فڕێ دەدەنە ناو دەریاوە..

ئەم ڕووداوە ناسراوە بە...Boston Tea Party لەئەنجامی ئەم پەلاماردانە ٥ سەربازی ئینگلیزی کوژران... ئەمەش شکۆی حکومەتی بەریتانی بریندار کرد، بۆیە سەرەتا بڕیاری داخستنی بەندەری Boston داو پەکخستنی سیاسی کۆلۆنی . Massachusetts کۆلۆنییە ئەمەریکییەکان ئەم بڕیارەی حکومەتی بەریتانیان مەحکوم کرد و ناویان نا «مامەڵەیەکی چاوەڕواننەکراوی قورس» ، بۆیە هەموو کۆلۆنییەکان بڕیاری هەرەوەرزیی و پشتیوانی کۆلۆنی ناوبراویان دا.

پاشا لەشکرێکی زۆر و پۆشتە و تەیاری نارد بۆ سەر کۆلۆنییەکان. لەم کاتوساتەدا پایزی ١٧٧٤ هەر ١٣ دەوڵەتەکەی کۆلەنییەکان داوای بەستنی یەکەم «**کۆنگرەی کیشوەرەکەیان**» کرد لە فیلادیفیا ... بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخەکە و ئامادەکاریی پێویست بۆ بەرەنگاری کردن.. ١٢ کۆلۆنییان ئامادە بوون و بەیاننامەیەکیان دەرکرد و داوای مافی « **ژیان، ئازادی، موڵکایەتی خۆیی** » یان کرد و لێرەشدا بەهیچ جۆرێک ئاماژە بە باس و داوا و وشەی « سەربەخۆیی» نەدرا، بەڵکو داواکرا جەماوەر خۆی چەکدار بکات. بڕیاردرا بە حوکمی دەرەکی و بێگانە ڕازی نابن!..ئەوەی جێی سەرنجە سەرجەمیان بەیەکگرتوویی بڕیاری شەڕکردن دەدەن و هێزەکانیان دەسپێرن بە جەنەڕاڵ George Washington لەشکرێکیان لێ پێک بهێنێ... ناوبراو خاوەنی ئەزموونێکی زۆر بوو، پاشان دەشبێتە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا لە مێژوودا...شەڕ لە ئاپریڵی١٧٧٥ دا لەنێوان ئەم دوو سوپایەدا لە Lexington,Concord دروست دەبێت، بەتایبەت دوای ئەوەی کە هێزە بەریتانییەکان دەیانەوێ دەست بگرن بەسەر حەشارگەیەکی چەکی کۆلۆنییەکان. ئیدی لێرەوە یەکەم پریشکی بڵێسەی شەڕی سەربەخۆیی بەرز دەبێتەوە. کە پاش ماوەیەکی کەم لە کۆنگرەی دووەمی کۆنگرەی کیشوەر Kontinentalkongress / بانگەوازی بۆ دەکرێ. نوێنەرانی هەر ١٣ دەوڵەتۆکەکە بڕیاری بەرەنگاری دەدەن بەسەرکردایەتی جۆرج واشنتۆن. لەبەرانبەر ئەمە دەستبەجێ پاشا George III بڕیاری ئابڵوقەدانی کۆلۆنییەکان دەدات ڕێگریان لێ دەکات. دیارە بەریتانییەکان تەیار و پۆشتەتر و مۆدێرنەتر بوون بە چەکی پێشکەوتوو سوپای مەشق پێکراو و بەئەزموون، بەڵام کۆلۆنییەکان زۆری جوتیار و کاسبکار و پیشەوەر بوون' لێ بەهێز و خاوەن ئیرادەبوون و دەیانزانی بۆ ئازادی شەڕ دەکەن..



Der militante Protest Bostoner Händler und Bürger am 16. Dezember 1773 gegen britische

**گرنگترین بەڵگەنامەکانی بزاڤی سەربەخۆیی**

بەیاننامەی ساڵی ١٧٧٦ ی"Thomas Paines" Common Sense ئەم بەیاننامەی Paines نزیکەی ١٥٠هەزارجار چاپکراوە، بە بوێرییەوە هێرش دەباتە سەر پاشای بەریتانیا و عەرشەکەیی و بە لاواز و بێ توانا و ستەمکاری لەقەڵەم دەدات... بەم پێیە ئەم بەیاننامەیە لەگەڵ خۆیدا هەوێنی سەربەخۆیی ئەمەریکا لەبەریتانیا دێنێ. بەیاننامەی Thomas Jefferson هەر ١٣ کۆلۆنییەکە بڕیاری سەربەخۆییان دا و جەختیان کردەوە کە مافی مرۆڤ شیاوی دەست لێوەردان نییە لە:« **یەکسانی، ئازادی، ژیان و هەوڵی بەختەوەری**» دا، واتە مافە سروشتییەکان. بەکورتی ئەم هەڵوێستانە کۆلۆنییەکانی گەیاندە قەناعەتی جیابوونەوە لە وڵاتی دایک... دەبێت ئەوە بگوترێ ئەم دروشم و داوایانەش لە ئەمەریکا بەر لە١٣ ساڵ پێش شۆڕشی گەورەی فەرەنسا ڕاگەیەندراوە... هەڵبەت دووری کۆلۆنییەکان لە وڵاتی دایکەوە و کەمی نوێنەرایەتی ئینگلیز تاڕادەیەک هاوکاری زەمینەخۆشبوونی شۆڕش بوون.

**ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ٤.٧.١٧٧٦ دا..**

ئەم دیکۆمێنتە ڕەوایەتی سەربەخۆیی وەک «**سەروەرییەکی خودی**» بەخشییە ئەمەریکاییەکان، وای نیشان بدەن کە هەموویان دژی پاشایەتی نین. هەروەها تا بتوانن هاوپەیمانێتی هێزە گەورەکانی دەرەوەدا بکەن، بەتایبەت فەرەنسا. لە سەرەتا وا چاوەڕوان دەکرا و دیاربوو، کە سوپای ئینگلیز شەڕەکە بباتەوە، چونکە نابەرانبەری پێوە دیار بوو. لەبەر ئەوەی بەریتانیا خاوەنی گەورەترین دەسەڵاتی سەربازی بوو لەسەر ڕووی زەوی و چونکە بەردەوام هێزی نوێیان بەهاناوە دەهات و هەروەها پاشای بەریتانیا خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی شەڕی دەکرد. بەریتانیا لەلایەن زۆر سەربازی ئەڵمانی بەکرێگیراو و بەشێکی ئەمەریکاییەکانەوە پشتیوانی لێدەکرا.

لەم لاشەوە کۆلۆنییەکان بەسەرکردایەتی ئەرستۆکراتی خاوەن کێڵگەی چاندن George Washington، کە ئەفسەری پێشووی بەریتانی بوو شارەزا بوو خۆیان ڕێک خست ، خۆی سەرکردایەتی شەڕی بەریتانیای دەکرد. ئەفسەرێکی پروسیایی ئەڵمانی بەناویF.W.von Steuben ، یارمەتییەکی زۆری

واشنتۆن و ئەمەریکییەکانی دەدا و مەشقی بە سەربازەکان دەکرد. هەروەها شەپووری کیشوەر! کە بۆ کۆلۆنییەکان لێدرابوو، هەموو بەدەنگییەوە هاتنە ناو شەڕەوە بۆ بەرگری لە نیشتمان.

جۆرج واشنتۆن خۆی لەشەڕی بەرەیی دەبوارد و زیاتر شەڕی گریلایی دەکرد. ئینگلیزەکان ناچار بوون ناوچەیەکی زۆر بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و بۆ ئەم ئامانجەش بەردەوام داوای یارمەتی زیاتر لە وڵاتی دایک بکەن. واشنتۆن چەند شەڕێکی دۆڕاند و یەکەم سەرکەوتنی لەنزیک ڕووباری Delaware لە ساڵی ١٧٧٦ دا بەدەست هێنا. لەم کاتەدا فەرەنسیاش کە مێملێکی ئینگلیز و لە تۆڵەی شستەکەیان لەشەڕی حەوت ساڵەدا، سەرەتا بە پشتیوانی لۆجیکستی بەدەنگ کۆلۆنییەکانەوە هات و دواتر ئیسپانیا و ئەوجا هۆڵەندەش هاتنە هانایانەوە... دوا داستانی شەڕی مەیدانی و ئاوی لە شاری دورگەیی Yorktown بوو لە ١٧٨١.١٠.١٩دا. بەم تێکشکانە بەریتانیا لەسەرکەوتن بێ هیوا بوو...بەم شێوەیە بەریتانیا مەزن دۆڕا و لە « کۆنگرەی ئاشتی پاریس»دا لە ١٧٨٣.٩.٣ دا دانیان نا بە سەربەخۆیی کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکان دا...بەم جۆرە دەبوو تاجی پاشایەتی ناوچەی نێوان Appalachen& Mississippi بداتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. کەنەدا لە باکوور بە بەریتانی مایەوە و فلۆریداش درا بە ئیسپانیا...

ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، لەناوەڕاستی شەڕەکەدا هەر 13 دەوڵەتەکە کۆبوونەوەیەکی تریان کرد بڕیاری« **سەربەخۆیی**» دەوڵەتی خۆیان لە ١٧٧٦.٧.٤ دا کە ئێستاش ئەو ڕۆژە بە فەرمی جەژنی نەتەوەیی ئەمەریکایە..

ئەم شۆڕشە خوێناوییە، کە زەبروزەنگ و چەکی مۆدێرنی تێدا بەکار هات، کوشتارێکی زۆری لێ کەوتەوە، بۆیە یەکەم گۆڕانکاری بنچینەیی لە داڕشتنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساوڕێساکاندا کرد. جیاواز لە شۆڕشی فەرەنسی ئەم لە وڵاتی دایک جیابۆتەوە.. واتە یەکەم بزاڤی سەربەخۆیی کۆلۆنی و جەنگ شۆڕشە کە بووە مایەی سازدانی شوناسی ئەمەریکی و کۆتایی هێنا بە شوناسە بچووکەکانی فیرجینیایی و بۆستۆنی و فلادیڤیایی و هتد... تا ڕادەی خولْقاندنی نەتەوە هەنگاوی نا! بەڵام دیارە - دیدی ئێمە لەسەر نەتەوە جیاوازە لەوەی لەم کۆنتێکسەدا هاتووە،کە ناتوانین بڵێین دەوڵەت دروستکەری نەتەوەیە!- لێرەشدا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ڕەهەندێکی گەردوونی لێ دەدرەوشێتەوە:

# مافی مرۆڤ هەقی هەر کەسێکە، وەک ئەوەی شۆڕشگێڕە فەرەنسییەکان مافی مرۆڤ و هاوڵاتیان چەسپاند. بەمەش زەمینەیەکی نوێ بۆ پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان خەملێندرا...

# بیروڕای ئازاد دروست بوو." هەر کەسێ" مافی هەیە خاوەن قسە بێت و خاوەن بڕیار بێت و بەشداری بکات لە هەردووکیان دا...

جیاوازییەکی تری لە شۆڕشی فەرەنسی لایەنی کاراکتەری شۆڕشی کۆمەڵایەتی مۆرکێکی بەهێزی نەبوو، ئەویش بەهۆی نەبوونی یاساوڕێسایەکی کۆمەڵگەیی کە نازناوی بەگزادەیی و لەناوبردنی ئیمتیازاتی گەورە لەئارادا نەبوو. هەروەها « گۆڕینەوەی هێزە بەڕێوەبەرەکان» بەو پێیەی ٧٠% دەزگا و بەڕێوەبەرایەتییە پاشاییەکان لەدەست دران، واتە ئەو شوێنانەی کە تاجی پاشایەتی بەخشیبوونی بە کەسانێک یاخود کەسانێکی لێ دانابوون نەمان... بەواتایەکی تریش لایەنگرانی پاشایەتی دەرپەڕێندران و کۆچیان کرد بەتەواوی وڵاتدا بڵاوبوونەوە.

بێگومان دەستەبژێری کۆلۆنییەکان لە ئەمەریکا هەڵگری مەشخەڵی شۆڕش و پرۆسەی سەرکەوتنن.. باوکانی سەرەکی وەک «**جۆرج واشنتۆن، تۆماس جێفەرسۆن**» بەزۆری ئەندامی ئەرستوکراتی خاوەن

کێڵگەی چاندن بوون. ئاگاداری باری ژیان و گوزەران بوون لە مەترسییەکانی سیاسەتی ئیمپریالی وڵاتی دایک تێگەیشتبوون. بۆیە جەختیان لەسەر خڕکردنەوە و مۆبیلیزەکردنی جڤاکی دەکردەوە، تاوەکوو پشتیوانی لای بەشێکی فراوانی خەڵک بەدەست بهێنن، تا دۆخەکە دینامیکێکی خۆی دەبێ و دەتوانێ لەسەر پێ خۆی ڕاوەستێ.

تیشکی ڕووناکی شۆڕشی ئەمەریکا بەشێکی زۆری جیهانی ڕووناک کردەوە. بیروڕاو بۆچوونەکانی تیۆری دەوڵەتی مۆنتیسکۆ Montesquieu / ی فەڕەنسی بەسەر دەستووری ئەمەریکا کاریگەری گەورەی هەیە.

بەر لە ماڵئاوایی لەم بڕگە گرنگەی شۆڕش پێویستە ئاماژە بدەین بەچەند خاڵێکی تریش، کە مێژووی ئەم شۆڕشە لە شۆڕشەکانی دیکە جیا دەکاتەوە بریتییە لەم دروشم و دەستکەوتە هەرە گرنگانەی مێژووی مرۆڤایەتی. ناوەڕۆکی ڕاگەیاندراوەکەی سەربەخۆیی، کە جێفەرسۆن دایڕشتووە، بە هەناسەیەکی John Locke انە نووسراوە، کە ئەو دەمە لیبەڕالترین بیرمەندی سەردەم بووە. لەم دەروازەیەوە بە شێوەیەکی زیرەکانە زەمینە و ڕەوایەتی یاسایی و فکریی بۆ سەربەخۆیی ئەمەریکا هێنایەوە و توانی بەریتانیای مەزن و بگرە جیهانیش بە پرسی سەربەخۆیی خۆیان قایل بکەن و ببنە دیفاکتۆی حاشاهەڵنەگر...هەروەها بێروڕا لیبەڕاڵەکانی Thomas Hobbes یش قورسایی خۆیان لەسەر فەرهەنگی شۆڕش و دەستکەوتەکانی هەبوو. ڕەهەندێکی تری ئەم شۆڕش و سەربەخۆخوازییە، بریتییە لە بنەما و دروشم و ناوەڕۆکی:

{{ ١- هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی درووست بوون و لەدایک بوون.٢- هەموو مرۆڤەکان مافی بێ دەستکاریکردنیان هەیە.٣- هەموو مرۆڤەکان مافی ژیانیان هەیە، مافی ئازادییان هەیە و مافی هەوڵیاندانیان بۆ بەختەوەریی هەیە.٤ -حکومەت لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێرێ، کاتێ خەڵک بزانێ حوکمەتەکەی خراپە خەڵک دەیگۆڕێ.ئەرکی حکومەتە پشتیوانی لەم مافانە بکات و فەراهەمیان بکات}}.



Das territoriale Wachstum der Vereinigten Staaten im 19. Jahrhundert.


War of the Patriots

